هومام حەمودی: هیچ بژاردەیەك نییە جگە لە سەركەوتن بە دیدگایەكی نوێ و بەدواداچوون و چاودێری



ئەمڕۆ چوارشەممە، شێخ هومام حەمودی سەرۆکی ئینجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق، تەئکیدیکردەوە: هیچ بژاردەیەك نییە بۆ هیچ کەسێك، جگە لە سەرکەوتن بە دیدگایەکی نوێ و بەدواداچوونی مەیدانی و چاودێری جەماوەری.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- ئەمڕۆ شێخ هومام حەمودی سەرۆکی ئینجووەمەنی باڵای ئیسلامی عێراق، سەردانی عەبدولموتەلیب عەلەوی پارێزگاری بەغدای کرد و دەستخۆشی لێکرد بەبۆنەی وەرگرتنی بەرپرسیارێتی پارێزگاری بەغدا و پێکەوە گفتوگۆیان کرد لەسەر واقیع و تەحەددیات و دیدگاکەی بۆ پلانەکانی قۆناغی داهاتوو.

بەگوێرەی بەیاننامەکە، شێخ حەمودی جەختیکردەوە، لەسەر گرنگی گرتنەبەری دیدگایەکی نوێ کە واقیعەکی نوێ بەهەنتەکایەوە لەگەڵی بەدواداچوون و چاودێری توند و سەردانی مەیدانی کە متمانەی هاوڵاتی بۆ بەرپرس بەهێزتر دەکات، و بەشداری بکەن لە بنیاتنانی پلان وبابەتەکان بۆ هێزە سیاسییەکان بۆ جەنەهەن.

هەشداریشیدا: کە ئەم قۆناغە هیچ بژاردەیەك بۆ کەس ناهێڵێت جگە لە سەرکەوتن، بەتایبەتی کە هەبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو هەیە.

جەختیشی کردەوە: ئەنجوومەنی بانیا پشتیوانی لە هەر هەوڵ و دیدگایەك دەکات بۆ ڕووخسارکی نوێ بۆ بەغدا و بۆ خزمەتکردنی خەڵکەکەی.

لای خۆیەوە پارێزگاری بەغدا، سەردان و پشتیوانیی شێخ حەمودی بەرز نرخاند، و ئاماژەی بۆشکرد: لە ڕێگەی سەرکایەتیکردنی لیژنەی نووسینەوەی دەستوورەوە، ئەو متمانەی پێدرا بۆ دیزاینکردنی بنەمای لامەرکەزییەت، جگە لە گرنگی ڕاوێژکردن بە بەرپرسەکە هەتا ئەو کاتەی خزمەتی خەڵکی پارێزگاکە دەکات.